Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.09 02:25:50 +01'00'

# ڕاپرسییەکی عەرەبییانە و چەند سەرنجێك

**هاوڕێ باخەوان**




ڕۆژی 07-01-2004, لەسـەر ماڵپەڕی ئەلجەزیرەی عەرەبی, ڕاپرسییەك لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بەزمانـی عەرەبـی دانـرا. ئـەم ڕاپرسـییە لەخـۆوە نیـیە و ئەوانـەی لـە پشـتییەوەن تاسـەر ئێسـك و پروسـکیان دژی دامەرزاندنی دەوڵەتی کوردین[1].

دامەزراندنـی ئـەو دەوڵەتـە کوردیـیەی کـە ئـەو عەرەبانە لێی دەترسن تێپەڕاندنی هێڵی سووری ئەوانە, هەر بۆیە سەرباسی ڕاپرسییەکەش بەسوور نووسراوە.

بـۆ ئـەوەی باشـتر لەوە بگەین کە ئەم دەوڵەتە تێپەڕاندنی هێڵی سووری ئەوانە, لە هەموو جیهاندا چرا یان کارتی "سـەوز" نیشـانەی "بەڵـێ"یـە, کەچـی لـەم ڕاپرسـییەدا ڕەنگـی سـوور خـراوەتە پـاڵ دەنگی "بەڵێ"وە و ئەگەر بە "نەخێر" وەڵام بدەیتەوە ئەوە سەوزە.

---

[1] ئەم ڕاپرسییە تا ڕۆژی 10-01-2004 دەخایەنێت.

واتـە كـورت و كرمانجی لەگەڵ دەوڵەتی كوردیدایت, هێڵی سووری عەرەبیت تێپەڕاندووە. گەر لەگەڵیدا نیت, ئەوا لەمدیو هێڵی ئێمەوەیت.

هەرچـۆنێك بـێت دەیـان هـەزاران كـەس دەنگـی داوەتـە ئەو راپرسییە و زۆربەشیان عەرەبن, چونكە رێژەی هێڵە سـەوزەكە لەسـەروو نـیوەوەیە. هەڵـبەت مـن لەگـەڵ ئـەوەدا نـیم كـە ئـەو كەسانەی دەنگی "نەخێر"یان داوەتە ئەو راپرسـییە شـۆڤێنی بـن. نەخێـر بەڵكـو ئـەوە سروشـتی دراوسـێ عەرەبەكانمانـە بەگشـتی, ئـیتر ئایـا شـۆڤێنی بێت, موسـوڵمان, فەلـە, كۆمۆنیسـت, تیرۆریست, پێشكەوتنخواز و هەرچییەك بێت ئەو "بەڵێ"یە تێپەڕاندنی هێڵی سووری ئەوانـە بەگشتی. هەربۆیە پێویستە "بەهەر شێوەیەك بێت" ئەو هێڵە سوورە تێپەڕێنین و ئەوانەی بەشێكی نیشتمانی ئـێمە بـە هـی خـۆیان و عـەرەب دەزانـن, رۆژێـك لـە رۆژان بـە ڤیزا بێنە نێوییەوە و لەو شوێنانەشی كە جێ ئەنفال و كیمیاویـی ئەمانـی پێوە دیارە, لێی بنووسرێت: "تۆ بۆت نییە بێیتە ئەم ناوچەیەوە, چونكە تۆ, بیری تۆ و هاوزمانی تۆ, رۆژێك لە رۆژان ئێرەی ئەنفال كردووە".

2004-01-08
hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com